چەند ساتێك بێداری لە ئاست خەونەکانی نامۆیێك دا

ئاسۆ ئەحمەد

تەمەنی چیرۆکی کوردی لە نیو سەدە تێپەڕیوە ، دیارە ئەم ماوەیەش بە پێوانگی نەش و نماو گۆڕان و گەشەسەندنی خێرای ئەم سەدەیە ماوەیەکی کەم نی یەو چیرۆکی کوردیمان لەمـــەودای سالآنـــی تەمـــەنـــی خۆیدا گەلێـك بازدان و گەشەسەندن و نوشستی و کپ بوونی تووش هاتووە ، ڕۆژگاری زێرین و ڕۆژگاری لێڵ و تەماوی ی بەخۆوە بینیوە . هەڵبەت ئەم گەشەسەندن یان کپ بوونەش بێ بە پێ ی گۆڕانەکانی بوارە ئابووری و رامیاری و کۆمەلآیەتی یەکانی کۆمەڵ دەرکەوتوون .

هەر لەم ڕوانگـەیـەشـەوە دەبینـیـن گەلێك بەپێـزو نایـاب ئەدەبـەکـەیـان ڕازانـدووەتەوە و زۆر چیرۆکی کاڵ و کرچ و بێ پێزیش سیمای ئەدەبەکەیان بزرکاندووە ، ژمارەیەکی زۆر دەردو پەتاو نەخۆشی لە جەستەی چیرۆکی کوردیمان گەرایان خستووەو بێ چارەسەر مانەتەوە ، تەنانەت هەندێکیان بوونەتە نەخۆشی ی کەڤنار «أمراض مزمنة» .

ئاشکرایە بەشێکی گەورەی گوناهو ئۆباڵی ئەم دیاردە نالەبارەش دەکـەوێتـە ئەستـۆی «ڕەخنـەی ئەدەبی» کە نەیتوانیوە وەك پێویست ڕۆڵی مەزن و بایەخداری خۆی ببینێت لە شی کردنەوەو لێکدانەوەی بەرهەمی ئەدەبی و دەرخستنی ڕەگەزی ئیجابی و سلبی تێیـدا و ڕێنمـایی کردنی شاعـیرو نووسەران و خۆش کردنی زەمینە بۆ کردەی داهێنان «الأبداع» لە ئەدەبەکەمان دا . تا ئێستاش ڕەخنەی ئەدەبیمان لە چوارچێوەی موجامەلەو پیا

هەڵدان یان بە پێچەوانەوە شکاندن و داپڵۆسین دەرنەچووە ، تا ئێستاش زۆربەی زۆری نووسەرانمان لە رەخنەو قسەی هەق دەسڵەمێنەوەو زویر دەبن . بێگومان ئەم پاشاگەردانی‌یەی «رەخنەی ئەدەبی» گەلێک هۆکاری زاتی و مەوزووعی خۆی هەیە کەلێرەدا دەرفەتی باس کردنی نی‌یەو لێکۆڵینەوەی تایبەت و فراوانی پێ دەوێت .

ئیتر هەر ئەوەندە دەمێنێتەوە چاو ببرینە هیممەتی نووسەران و دڵسۆزانی ووشەو ئەدەبی کوردی و هیوای ژیانەوەو گەشەسەندنی «رەخنە ئەدەبی» بخوازین لە ئەدەبی کوردیمان دا .

ئێستاش با چیدی لە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینە دوور نەکەوینەوەو پێکەوە بە ووردی‌و هێمنی لاپەرەکانی کۆمەڵە چیرۆکی «لە خەونەکانی نامۆیێک»[1]ی کاك «حەسەن جاف»ی چیرۆکنووس هەڵ بدەینەوە کە «نۆ» چیرۆکی کورتی لە دووتوێدایەو بەرهەمی «نۆ» ساڵی نووسەرەکە لە نێوان ساڵانی «١٩٧٣ ـ ١٩٨٢» دا نووسراون .

لە ساڵی ١٩٨٦ دا چاپ کراوەو ئەمیندارێتی گشتی‌ی رۆشنبیری‌و لاوان یارمەتی لە چاپدانی داوە .

چەند ساتێك لە یادداشتەکانی نامۆیێك

«چیرۆك هەر جۆرێك بێت ، لە راستی‌دا گێرانەوەی رووداوێکە»[2] ، گەر لە روانگەی ئەم ووتەیەوە لەم چیرۆکە وورد ببینەوە ئەوا هیچ رووداوێك ـ بەمانای تەواوی رووداو ـ نابینین ، ناکۆکی‌و هێڵی درامی‌و ناوەرۆکێکی دیارو ئاشکرا بەدی ناکەین. نووسەر هەر لە سەرەتاوە لەرێی چەند رستەیەکەوە پاڵەوانەکەیمان پێ دەناسێنێت ؛ مرۆڤێکی سست و ماندوو .. زۆربەی ساتەکانی رۆژگار لە نێوان چوار دیواری ژوورەکەی‌دا بەسەر دەبات .. «زۆر دەمێکە کردوومە بە خوو ، لە ژوورەکەمدا خۆم حەشار بدەم و لە راکشان بەولاوە هیچی کە نەکەم .» پاڵەوانی چیرۆك بەم شێوەیە باسی خۆی دەکات .. بە درێژایی رۆژگار لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشاوە لە بنمیچ و دیوارەکان رادەمێنێ ..

تیشکی سەرنجەکانی ئاراستەی ریزە مێرووڵە دەکات و گلێنەکانی لەگەڵ کشان و درێژ بوونەوەی مێرووڵەکان دا لەرەوتان . پاشان هێدی هێدی پێڵووەکانی ماندوودەبن و نوقمی خەوێکی قووڵ دەبێت و خەون دەبینێ .

ئەمە پوختەی کارو پیشەو هەڵس و کەوتی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە هەر وەك نووسەر خۆی پێمان رادەگەیەنێت ، خوێنەریش جگە لەم چەند زانیاری‌یە هیچی تر لە بارەی پاڵەوانەوە نازانێت ، بەرەو رووی کۆمەڵێك نهێنی‌و پرسیاری بێ وەڵام دەبێتەوە کە لە دووتوێی چیرۆکەکەدا هیچ رستەیەك .. وەسفێك .. وێنەیەك .. تەنانەت تاقە ووشەیەکیش بەدی ناکرێت تیشکێکیان بخاتە سەرو یاریدەی خوێنەر بدات کون و قوژبن لایەنە تاریك و شاراوەکانی چیرۆکەکەی لا رۆشن ببێتەوە ، بۆ نموونە :ـ

پاڵەوان کێ‌یە ؟

سەر بە چ توێژو چینێکی کۆمەڵە ؟

چی وای

لێدەکات بە درێژایی رۆژگار لە ژوورەکەی‌دا خۆی حەشاربدات و لەسەر قەرەوێڵەکەی رابکشێت ؟ خۆی لە کێ .. شتێك حەشار دەدات ؟ ئەو کە زۆربەی ساتەکانی رۆژگار لەنێوان چوار دیواری ژوورە تەنگەکەی دا بەسەر دەبات و وەك خۆشی دەڵێت هەندێك جار بە هەفتەش ناچێتە دەرەوە ، ئەی چۆن بژێوی رۆژانەی دابین دەکات ؟ خێزان و کەس و کاری هەیە یان بە تەنیا دەژی ؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری دیکە لە بیر و هۆشی خوێنەردا سەر هەڵ دەدەن و داوای وەڵام دەکەن بۆ ئەوەی گرێ و گۆڵ ئاڵۆزی‌ی چیرۆکەکە برەوێتەوەو مەبەست و ویستی نووسەر بگاتە خوێنەر ئەم لێڵی‌و نادیاری‌یەی ناسنامەی پاڵەوانی چیرۆك وا لە خوێنەر دەکات هەر زوو لە خوێندنەوەی

چیرۆکەکە بێزار ببێت و هیچ تاسە و تامەزرۆیی‌یەکی بۆ تەواو کردن و تێگەیشتنی چیرۆکەکە لانەمێنێت چونکە خۆی لەبەردەم زریزەیەکی نەپساوی پرسیارو ئاڵۆزیو نهێنیو تەلیسم دا دەبینێت کە ئاشکرا کردن و پەردە لە روو لادانیان کارێکی گران و مەحاڵە ، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ لاوازیو بێ پێزیی دارشتنی چیرۆکەکە و شکستی هێنانی چیرۆکنووس لە پێك گەیاندنی ووردو بەسەلیقەی جەمسەرە جوداکانی دا .

لێرەدا بە پێویستی دەزانم خوێنەری هێژا لەوە دڵنیا بکەم کە من هەرگیز داوای ئەوە لە نووسەر ناکەم وەڵامی هەموو پرسیارێك بداتەوەو گشت نهێنی‌یەك ئاشکرا بکات و هەموو گرێ و ئاڵۆزی‌یەك شی بکاتەوەو چیرۆکێکی بێ پرسیارو گرێو نهێنی بخاتە بەر دەستی خوێنەر ، نەخێر من هەرگیز داوایەکی وا ناکەم ، تەنانەت بروای تەواویشم بەوە هەیە کە داوایەکی لەم جۆرە گێلیو تێنەگەیشتنە لە ئەدەب و رۆڵی خوێنەر وەك لایەنێکی کاریگەرو سەرەکی لەهەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا . بەلام ئەمەش وا ناگەیەنێت ـ هەر وەك لەسەریشەوە ئاماژەم بۆکرد ـ چیرۆکنووس خوێنەر بەرەو رووی کۆمەڵێك گرێ و گۆڵی مەحکەم و پرسیاری بێ وەڵام بکاتەوە و داوا لە خوێنەر بکات وەڵامی گشت پرسیارەکان شی‌بداتەوەو هەموو نهێنیو گرێو گۆڵ و ئاڵۆزی‌یەکار شی بکاتەوەو دوایی‌دا لەمەبەستی نووسەر تێبگات ، هەموو ئەوەی لێرەدا من لە نووسەری داوا دەکەم ئەوەیە لە هەندێك شوێن دا بە رستەیەك .. بەوێنەیەکی هونەری .. بەووشەیەك ـ تاقە ووشەیەك ـ یاریدەی خوێنەر بدات کلیلی ئاڵۆزیو نهێنی‌یەکان بدۆزێتەوەو لایەنە تاریك و نادیارەکانی چیرۆکەکەی لا روون ببێتەوەو پاشانیش لەبیرو راو مەبەستی راستەقینەی نووسەر تێبگات ، بۆ نموونە کاتێك نووسەرێك دەیەوێت پێمان رابگەیەنێت کە پاڵەوانی چیرۆکەکەی مرۆڤێکی دەوڵەمەندە پێویست ناکات یەکسەر بنووسێت « فلان کەس دەوڵەمەندە » بەڵکە دەتوانێت بە گەلێك شێوەی ناراستەو خۆ ئەم مەبەستەی خۆی بە خوێنەر بگەیەنێت .. وەك ئەوەی بنوسێت « کە دەستی دایە دەرگای ئوتۆمبیلە سوپەر سالۆنە سپی‌یەکەی ئینجا بۆی دەرکەوت کە سویچەکەی لەسەر مێزی ژووری میوانەکە بەجێ هێشتووە » یان بە شێوەیەکی تر دەتوانێت « کە لە باڵکۆنی خانووە سێ نهۆمی‌یەکەیەوە دەیراونی‌یە دەرەوە .. باخچەکەی دەبینی بە گوڵی زەردو سوور رازاوەتەوە» ئەوسا خوێنەر تێ دەگات کە پاڵەوانی چیرۆکەکە مرۆڤێکی دەوڵەمەندەو لەم روانگەیەشەوە کارو بیرو راو هەست و کەوتی هەڵ دەسەنگێنێ .

ئەمە دەربارەی لێڵیو نادیاریی ناسنامەی پاڵەوان .. مەسەلەیەکی تر کە لەم چیرۆکەدا سەرنج رادەکێشێ مەسەلەی بەکارهێنانی خەونە . خەون وەك بابەتێکی زیندوو گەلێك جار لە ئەدەب دا تەوزیف کراوە . لە ئەدەبی گشت میللەتێك دەیان نموونەی وا بەدی دەکرێت کە خەون بووەتە بابەتی سەرەکیی گەلێك شیعرو چیرۆك و لە رۆمان و داستان و شانۆنامەش دا رووبەرێکی دیارو بەرینی داگیر کردووە ئەم بایەخ و گرنگی‌یەی خەون لە خۆوە نەهاتۆتە گۆرێ ، هەروەها بەر جەستە کردنیشی لە توێی بەرهەمی ئەدەبیدا کارێکی هەر واساناو بێ گرفت نی‌یە ـ وەك لە سەرەتاوە دەردەکەوێت . نووسەر لەبەر زۆر سۆنگەی جیاواز پەنا وەبەر خەون دەبات .. بۆ دەربرینی هیواو ئاواتە گران و قەدەغەکانی ... بۆ بەخشینی کەشێکی سیحر ئامێزو خەیاڵی بە بەرهەمەکەی ئەمەش گەلێك جار مەبەستی جوانکاری لە توێی خۆیدا هەڵ دەگرێت ، واتە نووسەر دەیەوێت کالایەکی جوانی نیمچە سەیرو نامۆ بە بالای بەرهەمە ئەدەبی‌یەکەی ببرێت . هەروەها نابێت ئەوەشمان لەیاد بچێت کە یەکێك لە هۆیەکانی تری پەنا بردنە بەر خەون بۆ خۆ نوقم کردنی نووسەرە لەناو نارێکی و ناکۆکیو ناماقووڵیی وێنە سەیرو سەمەرەو دژ بەیەك و ناواقیعی‌یەکانی خەون دا ، بەو پێیەی کە « خەون بریتی‌یە لە کۆمەڵێك وێنەی هەستیی پووچ و نارێك و شێواوو ناکۆك کە جێی چالاکیی هوشیارانەی مێشك دەگرێتەوە»[٣] بەمەش نووسەر خۆی لە رووبەروو بوونەوەی کێشەو گیرو گرفتەکانی بەرهەمەکەیو چنینی ماقووڵ و لۆجیکانەی رووداوەکان و بە ئەنجام گەیاندنیان دەدزێتەوە . بێ گومان ئەمەش حوکمێکی سەراپاگیری نی‌یە چونکە زۆر جاری وا هەیە بەکارهێنانی خەون قووڵیو زیندوویيو مەداو ئاسۆی فراوانتر بە بەرهەمی ئەدەبی

دەبەخشێ. هەروەها گەلێك جار نووسەرێك ناوەرۆك و بیرۆكەی دەوڵەمەند ئاوێتەی خەون دەكات و هەر لەرێی خەونەوە شتی گەورە دەڵێت ئینجا ئەگەر لە روانگەی سروشتی خەون و ئەركەكانی‌یەوە ـ وەك باس كرا ـ سەرنجێكی وورد لە خەونەكەی پاڵەوانی ئەم چیرۆكەی كاك « حەسەن جاف » بدەین ئەوا هەرزوو دەگەینە ئەو بروایەی كە ئەم خەونە بەزۆر ئاخنراوەتە نێو چیرۆكەكەوەو بە زۆرە ملێ بەسەر پاڵەوان دا سەپێنراوە ، دەنا بە هیچ جۆرێك خزمەتی ناوەرۆكی چیرۆك و كەسێتی‌ی پاڵەوانەكە ناكات ، بوون و نەبوونی لە چیرۆكەكەدا وەك یەكەو هیچ لە مەسەلەكە ناگۆرێت .

رەشەبا

هەر لە سەرەتای چیرۆكەوە ناكۆكی زەمەن و تێك چرژانی نارێكی دەمە جیاوازەكانی فرمان سەرنجی خوێنەر كۆت دەكەن . (رابردووی سادە ، رانەبردوو ، رابردووی بەردەوام ، رابردووی دوور دیسان رانەبردوو) ، جا بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێز بە چاكی ئاگاداری گۆرانی كتوپرو ناپێویست و نەگونجاوی كات ببێ لە چیرۆكەكەدا ئەوا ناچارم چەند پەرەگرافێك لە چیرۆكەكە بخوازم بۆ نموونە :ـ

« هێدی‌و لەسەر خۆ كەوتیتە پێچانەوەی رێگاو هەردوو دەستت لە گیرفانت نابووو بە چپەش لەبەر خۆتەوە گۆرانیەكت دەوت لەگەڵ هەنگاوە سست و هێواشەكانتا خۆریش زیاتر بەسەر زورگەكاندا سەر دەكەوت و تیشكی بڵاو دەركردەوە . جار جار بێ ئەوەی هەست بكەیت دەنگت لێ هەڵ دەبری لە دەنگی خۆت دا دەچڵەكیت (رانەبردوو) سەیرێكی ئەملاو ئەولای خۆت دەكەیت .. پۆل پۆل كچان بە جلە شینەكانیانەوە رووەو فێرگە هەنگاو دەنێن .. كورانیش ئەمبەرو ئەوبەری جادەیان لێ گرتوون (رانەبردوو) ... »

« لە دەریای ئەندێشەدا هەستت مەلەی دەكردو وەك بەسەر جادەكەوە نەبیت وا بوویت ، هۆرنی ئوتومبیلێك بە ئاگای هێنایتەوەو هەنگاوەكانت بۆ سەر شۆستەكە گواستەوە (رابردوو). یادگارەكانی رۆژانی رابردووت راتدەكێشنەوە دواوەو وا مێشكت جەنجاڵ دەكەن ئاگات لە خۆت نامێنێ (رانەبردوو) ...»

« هەر چەندەت دەكرد نە كەسێكت بەدی دەكردو (رابردوو) نە چاویشت بە باشی بۆ هەڵ دەهات (رابردوو) ، پشت لە باكە دەكەیت و (رانەبردوو) ، رووی تێ دەكەیت (رانەبردوو) لابەلا دەرێت (رانەبردوو) ، چایخانەكەی ئەوسەر پردەكە بەدی دەكەیت (رابردوو)، هەرچی هێزێكت تیا مابوو (رابردوو) داتە بەر قاچت (رابردوو) ، كەخۆت كرد بە ژوورا (رابردوو)..»

بێ گومان ئەمە مشتێكە لە خەروارێك و دەتوانم دەیان نموونەی تری لەم بابەتە لەم چیرۆكەدا دیاری بكەم كە سەرجەم لە «٦٥٠» ووشە پێك هاتووە . بەداخەوە ئەم لەنگی‌و نارێكی‌یە لە چەند چیرۆكێكی تری كۆمەڵەكەش دا دووبارە بووەتەوە وەك چیرۆكی (چەند ساتێك لە یادا شتەكانی نامۆیەك ، كاتێك لە دەرگا نادرێ سێبەری داربەروو ، یادێكی زیندوو) .

ئاشكرایە كات (زمن) یەكەیەكی بنەرەتی‌و بنەمایەكی سەرەكی‌ی ئەدەبە بەگشتی‌و چیرۆكە بەتایبەتی ، هیچ چیرۆك و رووداوێك لە دەرەوەی سنووری كات دا روونادات ، تەنانەت چیرۆكەكانی خەیاڵی زانستیش (قصص الخیال العلمي) كە لە داهاتوویەكی خەیاڵی‌ی نەبینراوو بۆ شایی‌یە دوورەكانی گەردوون دا روودەدەن . جا بەم پێیە بەكارهێنانی دەمە جیاوازەكانی كات و جێگۆركێ پێ كردنیان كارێكی ئاسان و گۆترە نی‌یەو سەلیقەو كارامەیی پێ‌دەوێت . وانەبێت مەسەلەی تێكەڵ كردنی دەمەجوداكانی فرمان شتێكی نوێ بێت بەڵكە هەر لەسەرەتاكانی ئەم سەدەیەوە لەلایەن زۆر لە نووسەرانی دنیاوە پەیرەو كراوە ، لەوانەش مارسیل پرست و ولیەم فۆكنەرو فیرجینیاوۆلف و جیمس جۆیس و گابریل گارسیا ماركیز . لە رۆمانی (پایزی پاتریارك) ی (ماركیز) دا ئاوێتە بوونێكی لێك نەپساوی رابردوو و ئێستاو داهاتوو لە چوارچێوەیەكی هونەری‌ی كۆك و پتەودا دەبینرێت ، رووداوەكان بە شێوەیەكی وا تێك چرژاون و بەیەكدا چوون خوێنەر لە ئاست خامەی بەپیتی نووسەردا سەرسام دەبێت و پێویستی بە بیركردنەوەو مێشك گوشین و خۆماندووكردن دەبێت تا جەمسەری لێك ئاڵاوی رووداوەكان لەبەر یەك بترازێنێ‌و بە پێی زنجیرەی زەمەنی‌ی

رووداوانیان رێزیان بكاتەوە .. رابردوو .. ئێستا .. داهاتوو . هەر

ئەمەشە تام و چێژی زێتری بە چیرۆکەکە بەخشیوە و کردوویەتیە بەرهەمێکی نائاسایی‌و ناوازەی وا کە بەسانایی خۆ بەدەستەوە نادات و وەك بەرهەمی سادەو ساکارو بێ پێز بە راگوزاری بەسەر پەرەی مێشك دا تێ ناپەرێت بەڵکە بە قووڵایی خانەکانی‌دا رۆدەچێت و رەنگ دادەکوتێت .. بۆ هەتایە لەبیرو هۆش دا تۆمار دەبێت .

کەواتە مەسەلەی تێك هەڵ کێشان و ئاوێتەکردنی دەمە جوداکانی کات کارێکی رەوایەو ناتوانرێ رەت بکرێتەوە ، بە مەرجێك پێویستی‌یەکی تەکنیکی و جونکاری بیسەپێنێ بەسەر نووسەرداو بە شێوەیەکی هونەری ماقووڵ و گونجاو بەرجەستە بکرێت و لە دەقە ئەدەبی‌یەکەدا دا بڕێژرێت . هەر لەبەر رۆشنایی ئەم راستی‌یەدا کە بەووردی ئەم چیرۆکە دەخوێنینەوە هیچ هۆیەك بۆ جێ‌گۆڕکێ پێ کردن و گۆڕینی کتوپڕی دەمەکانی فرمان بەدی ناکەین ؛ ئەو رووداوانەی چیرۆکنووس بۆمانی دەگێڕێتەوە سەر جەم لەیەك کاڵی هاوبەش دا روودەدەن ئەویش ئەو بەیانی‌یەیە کە پاڵەوانی چیرۆك لەماڵەوە دێتە دەر .. کەچی لەگەڵ ئەمەش دا نووسەر رووداوەکان دابەش دەکات و بێ هیچ پێوەندێ و بنەمایەك هەندێکیان دەخاتە دەمی رابردووو هەندێکی تریشیان لەدەمی ئێستادا دادەرێژێت ، ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات بکاتە ئەو باوەڕەی کە نووسەر ئاگای لە رەوتی چیرۆکەکەی نی‌یەو لەنێو ناکۆکی‌و دژواری‌ی بیرۆکەکانی دا وون بووە . رەنگە ئەگەر ئەم جۆرە هەڵەو ناکۆکی‌یە زەقە بەسەر چیرۆکنووسێکی لاوی تازە پێگەیشتووی کەم ئەزموون دا راببورێت ئەوا لەلایەن خوێنەرەوە چاوپۆشی لێبکرێت و زۆر لەسەری حساب نەکرێت ، بەڵام کاتێك دەلاقەیەکی وا دیارو نالەبار لە چیرۆکی نووسەرێکی وەك کاك «حەسەن جاف» دا بەدی دەکرێت ئەوا خوێنەر ناتوانێت بە ئاسانی چاوی لەئاست دا بنووقێنێت و فەرامۆشی بکات، چونکە کاك «حەسەن» نووسەرێکی خاوەن ئەزموونەو لەسەرەتای حەفتاکانەوە ئاشنایەتی‌ی لەگەڵ چیرۆك دا هەیە ، جگە لەمەش بەرای من یەکێکە لەو چیرۆکنووسانەی بەچاکی دەسەڵاتی بەسەر کەرەسەو ئامرازەکانی چیرۆك دا دەشکێت و لە ووردەکاری‌یەکانی تەکنیکی کورتە چیرۆکی هونەری‌دا شارەزایە ، هەر بۆیەشە داوای بەرهەمی کۆك و بەپێزو بێ‌خەوشی لێ‌دەکرێت .

ئێستاش با سەرنجێك لە ناوەرۆکی چیرۆکەکە بدەین .. لەم چیرۆکەش دا ـ هەر وەك چیرۆکی یەکەم ـ پاڵەوان نامۆیە بە خوێنەرو ناسنامەکەی لێڵ و نائاشکرایە ، خوێنەر هیچ دەربارەی ئاستی رۆشنبیری‌و باری سایکۆلۆژی‌و پلەی چینایەتی‌ی پاڵەوان نازانێت واتە ئەو زانیاری‌یانەی کە یاریدەی دەدەن سیماو کەسایەتی‌ی پاڵەوانی لە پێش چاو روون و ئاشکرا بێت و لە رێی ئەویشەوە لە رووداوو هێڵی درامی چیرۆکەکەو مەبەست و فەلسەفەی نووسەر تێ‌بگات . هەر ئەمەندەش نا ، بەڵکە نووسەر جارجار هەندێك راو بیرۆکەو کارەکتەری لاوەکی دەئاخنێتە دوو توێی دێرەکانەوە کە بە هیچ جۆرێك پەیوەندی‌یان بە ناوەرۆکی چیرۆکەکەوە نی‌یە وەك (باریکەلە مووزەردەکە) و (مەسەلەی لە بیرچوونەوە) لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ، بەمەش ئەوەندەی تر چیرۆکەکە ئالۆز دەکات و خوێنەر لە مەبەستی سەرەکی‌ی چیرۆکەکە دوور دەخاتەوە .

ئینجا بەر لەوەی کۆتایی بەسەرنجەکانم بهێنم دەربارەی ئەم چیرۆکە بە پێویستی دەزانم چەند وەسف و وێنە کاڵانە بخەمە پێش چاوی خوێنەری بەرێز:ـ

« لەوە دەچوو باران هەنگاوەکانی رەشەبای شەتەك دابێ و بە تەواوی هێوری کردبێتەوە » ل ١٩.

لە راستی‌دا لێرەدا هەرزوو (رەشەبا) و (هەنگاو) و (شەتەك) مێخ ئاسا لە مێشکی خوێنەر هەڵ دەچەقن ، چونکە وێنەیەکی لەق و شێواوە ، کورد دەڵێ : (رەشەباکەی خست) یان (بەڵکەباران بباریت و ئەم رەشەبا نەفرەتی‌یە بخات).

لەجێیەکی تردا دەڵێت « ئەڵێی دەریایان سەرەو خوار راگرتووە» مەبەست لەم لێك چوواندنە بارانی بەلێزمەو بە خورە، بەڵام لێك چوواندنێکی ئەوەندە قورس و نەگونجاوە هەر هەرس ناکرێت .

تکایە باش سەرنجی بدەنێ .. هەرگیز دەریا سەرەو خوار راگیراوە داخۆ نووسەر نەیدەتوانی بە کوردی‌یەکی پاراوتر و وێنەیەکی هونەری‌یانەترو رەنگینتر پێمان رابگەیەنێت کە باران بە لێزمە دەباریت ؟!

کاتێك لە دەرگا نادرێ

کەسێک پاش دوو سێ مانگ دابڕان لەسەفەرێکی دوور دەگەڕێتەوە ، لەکاتی گەڕانەوەیدا بەرەو ماڵ .. بەو ناوچانەدا رادەبوورێت کە یادو بیرەوەری رۆژانی منداڵیو هەرزەکاریی تێدا جێ هێشتوون (پردە کۆنەکە ، ئاوە خورەکەی خاسە ، مەجیدیە ، کتێبخانەی گشتی بازاری حەسیرەکە ، گۆرستانەکەی شێخ محێدین ، تاد ..) پاشان دەمەو ئێوارە دەگاتە ماڵەوەو بە دیداری هاوسەرو منداڵەکانی شاد دەبێتەوە . ئەمە پوختە یان بڵێن هێڵی گشتیی چیرۆکەکەیە.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا رووداوێکی ئاساییەو هیچ شتێکی کتوپڕو نائاسایی یان ناکۆکیو یەکانگیری لە خۆنەگرتووە.. نووسەریش زیرەکانە بە رەوتێکی هارمۆنیی نەرمی بێ کۆسپ و گرێ و گۆڵ گەشە بەرووداوی چیرۆکەکەی دەدات، وەسف و وشەو وێنەی هونەری بە ئاگاییو بە پێی پێویست بەکاردێنێت و زێدە رۆیی ناکات ، بەمەش ئەستۆی چیرۆکەکەی قورس ناکات و سنووری چیرۆکی زۆر کورت « الأقصوصة» ناشکێنێت ، لێرەدا بە پێویستی دەزانم وەك سەرنجێکی گشتی سەبارەت بەم کۆمەڵە چیرۆکە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە هیچ یەکێك لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی کاك «حەسەن جاف » لە (١٢٠٠) هەزارو دوو سەد وشە تێپەڕ ناکات ، ئەم جۆرە چیرۆکە بە قەوارە بچووکەش بە پێی پۆلێنێك «تصنیف » کە هەندێك لە چیرۆك ناسانی بێگانە چەسپاندویانە دەچێتە خانەی چیرۆکی زۆر کورتەوە « الأقصوصة » [٤] . بۆ زیاتر روون کردنەوەش دەبێت ئەوە بڵێین کە بە گوێرەی ئەم پۆلێنە چیرۆك دەکرێت بە سێ بەشەوە .. یەکەمیان (رۆمان) کە لە رووبەرێکی فراوانی کات و شوێن دا هەڵ دەسوڕێ بە دەیان کارەکتەرو رووداو لە چوارچێوەی خۆی دەگرێت و لە هەزاران وشە پێك دێت . دووەمیان (کورتە چیرۆك) کە لە گۆشەنیگایەکی تەنگترەوە دەروانێتە دەوروبەرو تەنیا چەمکێکی بچووکی دەکاتە بابەتی سەرەکی خۆی ، کارەکتەرانی نێو کورتە چیرۆك لە کەسێك یان چەند کەسێك تێپەڕ ناکەن کە رووداوێکی دیاری کراو دەبێتە خولگە « محور » ی سوورانەوەیان ، وەك قەوارەش لە دوو هەزار تا حەوت هەشت هەزار وشە پێك دێت .

جۆری سێیەمی چیرۆکیش (چیرۆکی زۆر کورت ـ الأقصوصة) یە ، دەتوانم بڵێم ئەم جۆرە ئاڵۆزترین و قورسترین جۆری چیرۆکە چونکە مەوداکەی زۆر کەم و سنووردارە ، نووسەری ئەم چەشنە چیرۆکە مەحکومە بەوەی لە چوار چێوەی جغزێکی تەنگ دا هەڵسووڕێت .. شوێن رووبەرێکی جوگرافی دیاری کراوە .. کاتیش بازنەیەکی زەمەنیی داخراوە کە نابێت لە چەند کاژێرێك تێپەڕ بکات . بابەتی چیرۆکی زۆر کورتیش بابەتێکی سادەو زیندووە .. رووداوێکی ئاسان و هارمۆنییەو گەشەکردن و بە ئەنجام گەیشتنی پەلەی پێدەوێت، قەوارەشی لە نێوان پێنج سەد تا دوو هەزار وشەدایە . هەڵبەت ئەم جۆرە دابەشکردنە شتێکی موتڵەق و بێگیان نییە.. شوورەیەکی پۆلایین نییە ئاودیوبوونی کارێکی مەحاڵ بێت بەڵکە تەنیا بۆ رێکخستنی چیرۆك وپاراستنێتی لە ئاژاوەو شێواندن و پاشاگەردانی . بێگومان رەنگە هەندێك کەس بەم جۆرە دابەشکردنە قایل نەبن و بە کوت کردنی نووسەرو کوشتنی گیان و کرۆکی چیرۆکی لە قەڵەم بدەن ، دیارە هەموو کەس ئازادە لەراوبۆچوونیدا بەڵام دەبێت ئەو راستییەشمان لەبەر چاو بێت کە «قەوارە» لە چیرۆك دا بنەمایەکی گرنگ و بایەخدارەو بەفەرامۆش کردنی چیرۆك ناسنامەی خۆی لەدەست دەدات ، پەیوەندییەکی دیالێکتیکیی نەپساو هەیە لەنێوان قەوارەی چیرۆك و سەرجەم پێکهاتەکانی تری چیرۆك دا وەك رووبەری کات و شوێن و رووداوو کەسەکان ، پشت گوێ خستنی ئەم بابەتە بێ ئەندازەیەی «قەوارە»ی چیرۆکیش ئاژاوەو پەشێوییەکی لە رادەبەدەر لەبواری چیرۆك دا دەخوڵقێنێو هیچ سنوورو تخووبێك لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی چیرۆك دا ناهێڵێت هەر وەك ئەمرۆ لە چیرۆکی کوردیمان دا دەردەکەوێت .. دەیان جۆری چیرۆك لامان پەیدا بووە.. (رۆمان ، نۆڤلێت چیرۆکی درێژ، کورتە چیرۆك، چیرۆکی زۆرکورت، پۆستەرە چیرۆك، رۆژانە چیرۆك ، تەنانەت بروسکە چیرۆکیش !) ئەمەش پاشاگەردانییەکەی قووڵتر کردووەتەوەو پەتایەکی ناهەموارو کوشندەی لە بواری چیرۆك دا خوڵقاندووە.

ئێستاش با بگەڕێینەوە لای چیرۆکی «کاتێك لە دەرگا نادرێ‌و شەن و کەوێکی هێمنی بکەین . بەر لە چەند دێرێك

ئامـاژەم بۆ ئەوە کرد کە ئەم چیرۆکـە رووداوێکی سادەی لە خۆگـرتووەو بە کاوەخۆ گەشە دەکات ، بەلام هەر زوو لەکاتی خوێندنەوەدا کۆمەلێك پرسیارمان لا دروست دەبێت کە هەرگیز لە چیرۆکەکەدا وەلامیان نابینیەوە... پالەوان کێیە؟ بۆچی بە سێ مانگ جارێـك دەگـەرێتـەوە نێـو خێـزانـەکـەی ؟ هۆی سەفەرەکەی چیە؟ کەسەفەر دەکات بۆ کوێ دەچێت ؟ هەموو ئەمـانـە پرسیـاری پێـویستن بۆ زێتر قوول کردنەوەو روون کردنەوەی مەبەستی چیرۆکنووس و لایەنەکانی چیرۆکەکەی ، هەر ئەمـەندەش نا بەلکە نووسەر هەر لە خۆرایی پەردەیەکی ئالۆزیو تەم و مژی لە بالای چیرۆکـەکـەیـەوە ئالانـدووەو خوێنـەری بەرەو رووی کۆمـەلێـك تەلیسم کردۆتـەوە ، بە شێوەیەکی ئەوتۆ کە خوێنەر دەکەوێتە گومانەوە داخۆ ئەوەی دەیخوێنێتەوە رووداوێکە بە راستی لە چیرۆکەکەدا روودەدات - واتـە گەرانـەوەی پالەوان بەرەو مال - یان وەك هەنـدێك لە چیرۆکـەکـانی تری کۆمەلەکە تەنیا خەونێکە لە (خەونەکانی) پالەوانە نامۆکەی نووسەر، بە تایبەتیش لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ئەم بە تەواوی مێشکی خوێنـەر لەژێر رکێفی خۆی دەنێت ، بەداخەوە لێرەدا بواری ئەوە نیە دوا حەفدە دێری چیرۆکەکە بنـووسمـەوە بۆ ئەوەی راستیی قسەکانم بە خوێنەری هێژا بسـەلمێنم، بەلام داوای لێدەکـەم بگـەرێتـەوە سەر کۆمـەلە چیرۆکەکەو سەرپشك بێت لە یەکالاکردنەوەی راستیو چەوتی راو بۆچوونەکانم دا . ئاشکرایە (کۆتایی) یان وەك هەندێك ناوی دەنێن (قفل) لە چیرۆك دا یەکێکە لە بەشەسەرەکیو گرنگەکان و رۆلێکی سامناك و بنەرەتی دەگێرێت لە چیرۆك دا - بەتایبەتی لە چیرۆکی زۆر کورت دا وەك چیرۆکەکانی ئەم کۆمەلە چیرۆکەی بەر دەستمـان - (قفـل) ئەو بەشـەی چیرۆکـە کە جەمسەرە جوداکانی رووداوی تێدا لێك دەدرێت ، ئەو بەشەیە کە گرێی چیرۆکـەکـەی تێدا شیدەبێتەوە ، ئەو بەشەیە کە تێدا تیشك دەهاوێژرێتە سەر مەبەستی نووسەرو ناکۆکیەکانی تێدا یەك لایی دەبێتەوە . جا چیرۆکنووس لە ئاست ئەم رۆلە بایەخدارو ترسنـاکـەی (قفـل)ی چیرۆك دا ناچـارە کە زۆر بە ووردیو سەلیقەو کارامەیی مامەلەی لەگەل بکات . بەلام بەداخەوە لەم چیرۆکەدا نووسەر نەك هەر بە ووردی مامەلەی لەگەل ئەو بەشە گرنگەی چیرۆکەکەیدا نەکردووە بەلکە چەند رستەیەکی تێکەل و پێکەلی ریز کردووە کەهیچ تالە دەزوویەك بە سەرەتاو ناوەندو رووداوی سەرەکیی چیرۆکەکەیانەوە نابەستێ، تەنانەت لەوە دەچێت بەشێـك بێت لە چیرۆکێکی ترو بە هەلە رەگـەل ئەم چیرۆکـەی بەر دەسـتـمـان خرابـێـت ، بە رادەیـەك پاش خوێنـدنـەوەی ئەو چەنـد دێـرەی کۆتایی چیرۆکەکە خوێنەر سەرسام دەبێت .. شێتگیر دەبێت، سەرە خولێی پێدەکەوێت و ماوەیـەك رادەمێنێ ، تەنـانـەت رەنگـە بۆ ساتێـك لەبـیرو رۆشنبـیریو توانـایِ تێگـەیشتنی خۆیشی بکەوێتە گومانەوە، چونکـە کۆتـایی چیرۆکەکە - وەك لەمەوبەرو باسم لێوە کرد - بەکـەش و هەوای چیرۆکـەکـە نامۆیەو هیچ تالە دەزوویەکی باریکیش بە بەشەکانی تری چیرۆکەکەوەی نابەستێتەوە. دیارە ئەمـەش یەکـێـتـیی بیرو بابـەت و گرێچـن و رووداوی لەچیرۆکەکەدا لەق کردووەو ریسەکەی نووسەری کردۆتەوە بە خوری !

سێبەری داربەروو

ساتە سەختەکانی گیانەلا و بە رەنگاربوونەوەی مەرگ .. ئەو ساتانەی یاداشتەکان بارانی بە خوری بەهار ئاسا بەسەر دل و بیری مرۆڤ دا دەبارێنەوە ، ئەمە بابەتی ئەم چیرۆکەیە . چیرۆکەیە . چیرۆکنووس زیرەکانە حالەتێکی ئینسانی دەگمەنی لە چوارچێوەیەکی هونەریی پتەودا دارشتووە ، زۆر بە چاکی یادو بیرەوەرییـەکـانی رابردووی پالەوانی ئاوێتەی ساتە بە ئازارەکانی ئێستای کردووە ، ئەم هاوکێشە قورسەش ئەوەندە بە ووردیو کارامـەیی بەدی هێنـراوە کە خوێنـەر بۆ تەنیـا ساتـێـکـیش هەسـت بە بێـزاری و وەرسی ناکـات لە کاتی خوێنـدنـەوەی چیرۆکـەکـەدا بەلکـە بە پێچـەوانـەوە زۆر بە پەرۆشـەوە وشەو رستەکان دەقۆزێتەوەو لەگەل گەشەکردنی درامیی رووداوی چیرۆکەکەدا بەرەو لوتکە هەنگاو دەنێت و تا دوا ووشە پێلووی چاوانی لە ئاست دێرەکان دا لێك نانێت ، کە لە خوێنـدنـەوەی چیرۆکەکەش دەبێتەوە «دەست خۆش»ێکی گەرم ئاراستەی نووسەر دەکات و ئاهێکی حەوانەوەی وەبەردا دێت .

له ڕاستی‌دا ئەم جۆرە تەکنیکە ـ پێکەوە گرێدانی ئێستاو ڕابردوو ـ کارێکی ئاسان نی‌یە ، بگرە لە تەکنیکی ئاسایی چیرۆك زەحمەت ترو ئاڵۆزترە . لەم جۆرە چیرۆکەدا زەمەن بازنەیەکی داخراو نی‌یەو شوێن ڕووبەرێکی جوگرافی جێگیرو دیاریکراو نی‌یە ، زەمەن مەلێکی سرکەو بێ سرەوت لە نێوان ئێستاو ڕابردووی دوور و نزیك دا باڵ لێکدەدات ، شوێنیش دەیان بستۆکە زەوی‌یەو لەچەند ساتێکی خێرادا دەبنە شانۆی ڕووداوی چیرۆکەکە (ماڵەوە .. جادە و کۆڵانەکانی شار ، قوتابخانە ، هۆڵەندە ، تەنجە .. دەشت و دەری بەرین .. ژێر دار بەڕوویەك) بەم شێوەیە شوێن جێگیری خۆی وون دەکات ، ئەمەش لەم جۆرە تەکنیکەدا نابێتە مایەی لاوازی چیرۆکەکە بەڵکە دەبێتە کۆڵەکەیەکی سەرەکی بینای درامی چیرۆکەکەو هۆیەك لە هۆیەکانی سەرکەوتنی .

خاڵێکی تریش کە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکرێت مەسەلەی لەدایك بوونەوەی یادو بیرەوەری‌یەکانی (ڕابردووە) لە منداڵدانی ساتە ناسۆرەکانی (ئێستاوە) · هەڵبەت سەرهەڵدانی یادەکان لە بارو دۆخێکی .

زۆر تایبەتی و نائاسایی وەك بارو دۆخی دەوری پاڵەوانی چیرۆکەکەدا بەپێی بە دوای یەکدا هاتنێکی زەمەنی ڕێك و پێك نابێت «تسلسل زمني منتظم» ، وەك دەزانین پاڵەوانەکە پێکراوە.. لە دەشتێکی بەرین دا بەسنگەخشکێ بەگژ مەرگ دا دەچێت ، ئاشکرایە زامەکەی جەستەی کار لە تواناو چالاکی‌ی بە ئاگاو ڕێك وپێکی بەشەکانی مێشکی دەکات و دەیشێوێنێت ، دەبێتە هۆی ئەوەی یادو بیرەوەری‌یەکان وەك کۆمەڵێك وێنەی تەماوی‌و بزرکاوو پچر پچر بە تێکەڵ و پێکەڵی بێنەوە سەر ڕووپەری مێشکی و لەگەڵ ساتە زەردەکانی ئێستادا تێکەڵ بین ، تەنانەت هەندێك جار یادو بیرەوەری زۆر سەیرو ناما قووڵ بەپێش چاوی مرۆڤ دا دێنەوە .. سیماو ڕوخساری کەسانی وا لەپێش دیدەکانی‌دا خۆ دەنوێننەوە کە تەنیا جارێك یان دووجار لەوەبەر بینیونی ووەك ناسین بە هیچ کلۆجێکیش نایانناسێت ، جا ڕەچاوکردنی ئەم خاڵە لەلایەن نووسەرەوە گورو تینی زیاتری داوەتە چیرۆکەکەو واقیعیەت و زیندوێتی بابەتەکەی قووڵتر کردووەتەوە .

هەر وەها یەکێك لە خاڵە ئیجابی‌یەکانی تری ئەم جۆرە تەکنیکە سوود وەرگرتنێتی لە هونەری سینەما ، ئەویش بە بەکارهێنانی «مۆنتاژ» بۆ برین و لێکدان و تێهەڵکێش کردنی دیمەنەکانی ڕابردوو لەگەڵ ساتە ژیاوەکانی ئێستادا . بەم پەل هاویشتنەش بەرەو هونەرەکانی تر هونەری چیرۆك دەوڵەمەندترو پوختەتر دەبێت و ئامرازو کەرەسەی نوێ دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە .

له کۆتایی‌دا دەبێت ئەوە بڵێم کە تاقە شتێك هارمۆنیەتی چیرۆکەکەی کەمێك لەنگ کردووە .. زەمەنی ڕاستەقینەی چیرۆکەکەیە واتە ئەو کاتەی ڕووداوی چیرۆکەکە دەیخایەنێت . وەك لە چیرۆکەکەدا ئاشکرایە ڕووداوەکە لەو ساتەوە دەست پێ دەکات کە پاڵەوانی چیرۆك بە زامداری لەسەر خاکەکە درێژبووەو خاو بە دەوروبەری خۆی‌دا دەگێرێت .. دەیەوێت خۆ بگەیەنێتە پاڵ نزیکترین دار بەڕوو کە وەك لە ڕێی وەسفەکانی نووسەرەوە دەردەکەوێت چەند مەترێك لێوەی دوورە ، هەروەها نووسەر ئەوەشمان پێ دەڵێت کە ئەو ساتەی پاڵەوان بەرەو داربەڕووەکە خۆی دەکوتێت (خۆر تازە سەری لە ئاسۆوە دەرهێناوەو فێنکایی دەبەخشێ بە دەوروبەر) واتە کات سەر لە بەیانی‌یە ئینجا پاش کەمێك خۆکێش کردن بەسەر چقڵ و درك و داڵ دا تێ‌دەگەین کە (هەتاو پشکۆیە) واتە کات نیوەڕۆیە ، کاتێکیش پاڵەوان دوا تەکان دەدات وەدەگاتە ژێرداری بەڕووەکە .. چیرۆکنووس دەنووسێت (ئاسمان سنگی خۆی بە پرشنگی ئەستێرە ڕازاندوەتەوە و مانگ تیشکی زیوینی دەبەخشێتە سەر زەوی‌و در بە تاریکی شەو دەدات) واتە کات شەوە . ئەم ماوە زەمەنی‌یەش لەگەڵ جووڵەی پاڵەوانەکەدا ناگونجێت ، لە بەیانی‌یەوە تا شەو کاتێکی زۆرە بۆ برینی چەند مەترێك گەرچی بە سنگەخشێ و چنگەکرێش بێت .. ڕەنگە پاکانەی نووسەر ئەوە بێت کە پاڵەوان بەسەختی پێکراوەو زامەکەی جەستەی قووڵ و کاریگەرە بۆیە ناتوانێت بە ئاسانی بجوولێتەوە، ئەمە ڕێی تێ‌دەچێت وزۆر ڕاستە کە زۆر جار لەو حاڵەتانەدا زامی قووڵ و تینوێتی و خوێن لەبەر ڕۆیشتن برست لە مرۆڤ دەبڕن و بۆ ماوەی چەند کاژێرێك لە هۆش خۆی دەبەن و چوار پەلی کۆت دەکەن و ناتوانێت بستۆکێك لە جێی خۆی

ببزوێت .. بەڵام ئەوەی ئەم پاکانەیەش پووچەڵ دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم قووڵیو کاریگەیەی زامی پاڵەوانەکە بە هیچ جۆرێك لە چیرۆکەکەدا دەرناکەوێت و نووسەر زۆر بە ڕووکەشی باسی زام و بێهێزیو خوێن لەبەر ڕۆیشتنی پاڵەوانەکەیمان بۆ دەکات و وەك پێویست بایەخ بەم لایەنە نادات .

بەڵام ئەمــە هەرگیز لە ئاستی چیرۆکەکە کەم ناکاتەوەو دیسان دەگەڕێمەوەو دەڵێم ئەم چیرۆکە یەکێك لەهەرە چاکترین و بەپێزترین چیرۆکەکانی کۆمەڵەکەیە .

بازنەیێکی داخراو

ژیــانی ڕۆژانەی پڕ ڕۆتینی برژوایەکی بچووك بابەتی ئەم چیرۆکەیە . چیرۆکنووس ڕاستگۆیانە ژیانی بێڕەنگی مرۆڤێکی بۆ بەر جەستە کردووین .. ژیانێك هەموو شتێك تێیدا دووبارە دەبێتەوە .. هەموو ساتەکانی لێك دەچن و هیچ شتێکی نوێی تێدا بەدی ناکرێت .. بەرادەیەك ئەو مرۆڤە وای لێهاتووە بڵێت «بــەیــانیــان کە لە خەو هەڵ دەسم خەمی ئەو ڕۆژە تازەیــە دامدەگرێ». ئەم مرۆڤەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە مامۆستایە .. پیشەی فێرکردنە ، پانزە ساڵی ڕەبەقە ژیانی لەسەر یەك نەغمە دەڕوات ؛ بەیــانیان دەچێتە قوتابخانە .. «زەنگ هەنگاوەکانم بەرەو پۆل ڕاپێــچ دەکــات و زمــانیشم دەخــاتــە گەرو وەك موســەجیلەیێــك پەنجە بە دوگمەکەیدا بنێیت دەکەوەمە قسە ، گاڵتەم بە خۆم و بە قوتابیەکانیشم دێت» پاشان لە کاتی پشوودا دەچێتــە ژووری مامۆستایان و هەموو ڕۆژێك هەمان باس و خواس ... یاســای خزمەت و خانەنشینی ، مووچەو عەلاوە ، فلیمــەکەی دوێنیی تەلەفزیۆن ، تۆپین ، ڕۆن، تەماتە، تاید، گرانــی ... تاد ئیــنــجــا پاش تەواو بوونــی دەوام بەرەو ماڵ دەبێتەوە.. لەوێش هەمان قەوانی ڕۆتین و بێزاری .. هەر کە لە دەرکــەی حەوشــەکــە دەچێتــە ژوورەوە منــاڵەکــانی تێی دەڕووکــێن.. ئەمیــان شکــات لەویان دەکات .. ئەویان ئەم تاوانبار دەکات .. پاشان شیرەو هەراو سکاڵای دایکیان کاسی دەکــەن ، ناچار بۆ خۆدەربازکردن لەم بازنەی بێزارییە پەنا وەبــەر کتێب و خوێندنەوە دەبات بەڵام «مێشکم دەگوشرێ ، دەبێت بە وێستگــەیــەك دەیــەها شەمەندەفەری پێدا دێت و دەڕوا.. ووشەکان لەبەر چاوم دەکەونە سەما .. تێکەڵ یەکدی دەبن و خاڵێکی گەورە دروست دەکەن» بۆیە کتێبیش دەخاتە لاوەو بەرەو چاپخــانــەیەك دەکەوێتە ڕێ ، بەڵام سەد مخابن لەوێش کۆمــەڵێــك قســەو باسی سوواو چرنــووك لەمێشکی گیردەکەن.. بۆیە ئەوێش جێ دێڵێت و دەمەو ئێوارە بە ناچاری خۆ بە ماڵ دا دەکــاتەوە . بەم شێوەیە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە (بــازنەیەکی داخراو)ی بێزارییو ڕۆتین دا دەخولێتەوە ، ئامێر ئاســا هەڵ دەسووڕێت و جووڵەو کردارەکانی میکانیکیەتێکی تەواویان بە خۆوە گرتووە ، کار دەکات .. دێت و دەڕوات.. لەناو خێزان و دەوروبەرەکەیدا دەژی بەڵام بە هیچ جۆرێك ئازاد نییــە لە هەڵبــژاردن (الأختیــار)دا ، هیــچ شتێکی ژیانی بە گوێــرەی حەزو ویستی خۆی نییەو هەموو شتێکی بەسەردا سەپێنراوە ، لەگشت لایەك بێزاری چاوەڕێیەتی (قوتابخانە ، ماڵەوە گۆڤــارو کتێب خوێندنەوە ، چایخانە) هەموو شتێك لە دەوروبــەرەکــەیدا مایــەی وەڕس بوون و جاڕسیو بێ هوودەییە، سەرجەم ڕۆژانی تەمەنی لێك دەچن و هیچ شتێکی نوێ لە ژیــانیدا ناخــولقێت . ئەم پاڵەوانــە نمــوونــەیــەکی سیزیفییە .. بێ هوودەیی دەوری تەنیوەو هەموو ئەو کارانەی بە ئەنجــامی دەگــەیــەنێت بێ هوودەن و دووبــارەو (دە)بارە دەبنەوە، (عبدالرحمن بدوي) دەڵێت : «کرێکار هەموو ڕۆژێك هەمــان کار بە شێــوەیــەکی بێزارکەر ئەنجام دەدات .. بەڵام هەست بە بێ هوودەیی کارەکەی ناکات تا ئەو ساتەی ووریا دەبێتــەوەو لەخــۆی دەپرسێت.. ئەم کارەم نرخی چییە؟ کار دەکات بۆ ئەوەی بخوات.. دەخوات بۆ ئەوەی کار بکات ! بەم شێوەیە تا مردن.. ئەمەیە کۆتایی ناماقوڵی هەموو بوونەوەرێك»[٥]

ئەمــەش هەمان (بازنە داخراو)ەکەی پاڵەوانی چیرۆکەکەمانە، ئەمیش ووریا بووەتەوەو لە خۆی پرسیوە .. نرخی ئەم ژیانە چییە؟ هەر بۆیەشە بەم شێوە قووڵ و بێ ئەندازەیە هەست بە بێ هوودەییو بێــزاری دەکــات ، لە ئاست ڕەوتی شتــەکانی دەوروبەردا دەسەوسانەو وەك کۆتەرە دارێك خۆی داوەتە بەر زەبــری شەپــۆلە تووڕەو بە هێزەکانی ژیان ، وەك هەموو ئەو کەسانەی دنیایان لا بێ هوودەو ناماقوڵەو لەنێو گۆمی سستیو

تەمبەڵی‌دا خۆ نوقم دەکەن و بیانووشیان بۆ پاکانە کردنی ئەم سلبیەتەیان ئەوەیە کە بێ ویستی خۆیان هاتوونەتە دنیاوەو لە دایک بوونیان هەڵەیەکی گەورەی سروشت بووە .. لەبەر ئەوە هەر چۆن بەرپرسیار نین لە هاتنە دنیایان دا هەر بەم پێیەش بەرامبەر ژیان و ئەرکەکانی بەرپرسیارنین ، هەر لەم روانگەیەشەوە قێز لە کار دەکەنەوەو وەک هاوکێشەیەکی پووچ و بێ مانا سەیری دەکەن ، کارکردن لەپێناوی خواردن داو خواردن لەپێناوی کارکردن دا ، هەڵبەت لەمەش زێتر لە پاڵەوانی ئەم چیرۆکەو هەموو ئەو کەسانەی سەر بە چینەکەی ئەون چاوەروان ناکرێت ، ئەو لە هەموو شتەکانی دەوروبەردا وەرسی‌و بێ هوودەیی دەبینێت.. بەڵام ئایا چی دەکات بۆ ئەوەی هەوری رەشی ئەم بێزاری‌و رۆتینە لە دەوری خۆی برەوێنێتەوە؟ وەڵامەکە زۆر روون و ئاشکرایە : هیچ ! لە ژیان بێزارەو بە هیچ شتێک قایل نابێت .. نەفرەت لە هەموو شتێک دەکات بەڵام ئەوەندە خۆی ماندوو ناکات بەردێک لێرە هەڵگری‌و بیخاتە ئەوێ! بە چوار مشقی دانیشتووەو چاوەری‌یە هەموو شتێک بە ئامادەکراوی بێتە بەر دەستی . لە راستی‌دا مایەی خۆشحاڵی‌یە کە نووسەر زیرەکانە نموونەی مرۆڤێکی وا سلبی‌ی کردۆتە پاڵەوانی چیرۆکەکەی .. مرۆڤی وا کە لە ژیانی رۆژانەدا بە بەردەوامی تووشمان دێن .

نووسەر لەم چیرۆکەدا تەکنیکێکی ساکاری بە شێوەیەکی کۆک و پتەو بەکارهێناوەو گەرچی لەیەکەم ووشەوە تا دوا ووشە شێوازی گێرانەوە بە راناوی کەسی یەکەم (من) بە سەر چیرۆکەکەدا زاڵە بەڵام چیرۆکنووس بە سەرکەوتوویی دیالۆگ و مەنەلۆگی بەکار هێناوەو چیرۆکەکەیی پێ دەوڵەمەند کردووە بەمەش خوی لەشێوە گێرانەوەی سادەو تەقلیدی‌ی بێگیان دوور خستۆتەوە .

وەک ووتم نووسەر لە گێرانەوەی چیرۆکەکەی‌دا پەنای وەبەر راناوی کەسی یەکەمی تاک بردووە ، ئەم شێوازەش کۆنترین شێوازی گێرانەوەیە سەرتاکانی دەگەرێتەوە بۆ ئەو کاتەی مرۆڤ بۆ یەکەم جار قسەی کردو هەست و سۆزو ژانەکانی دەربری و سەر گوزەشتەی خۆی گێرایەوە ، یەکێک لە نیشانە دیارەکانی ئەم شێوازەش بەخشینی ئیقاعێکی نەپساوەو هارمۆنیەتێکی بێ گرێ‌و قۆرتە بە چیرۆکەکە چونکە راستەوخۆ هەست و نەست و خەم و ژان و خەون و هەڵچوونەکانی پاڵەوان لە خۆدەگری‌و بێ هیچ کۆسپ و ئاڵۆزی‌یەک دەریان دەبرێت . ئەمە جگە لەوەی ئەم شێوازە زێتر لە شیعرەوە نزیکەو کە چیرۆکنووس بەکاری دێنێت مەبەستی ئێستاتیکی‌ی پێ بەدی دەهێنێت . هەروەها یەکێک لە نیشانە گرنگەکانی تری ئەم شێوازە رەخساندنی دەرفەتە بۆ نووسەر تا ئاوێتەی کەسایەتی‌ی پاڵەوانەکەی ببێت و لە پشت دەنگی ئەوەوە دەنگی خۆیمان پێبگەیەنێت ، ئەمەش زۆر جار بەشێوەیەکی وا دەشکێتەوە کە خوێنەر نەتوانێت بە سانایی دەنگ و روخساری نووسەرو پاڵەوانەکەی لێک جیا بکاتەوە هەر وەک لەم چیرۆکەی بەردەستمان دا دەردەکەوێت ، چیرۆکنووس بە رادەیەکی ئەوتۆ دەنگ و رەنگی خۆی لە نێو خودی پاڵەوانەکەی‌دا تواندۆتەوە کە بوونی لە چیرۆکەکەدا ـ وەک خوڵقێنەری بەرهەمەکە ـ بە تەواوی وون بووەو لەنێو کەسایەتی‌ی پاڵەوانەکەی‌دا نەبێت بەدی ناکرێت ، ئەوەشی زێتر ئەم هەستە لای خوێنەر قووڵ دەکاتەوە بێ دەنگی‌و کرو کپی‌ی نووسەرە لە ئاست راو فەلسەفەو هەست و کەوتی سلبیانەی پاڵەوانەکەی‌دا ، ئاشکرایە ئەرکی نووسەر تەنیا لە جغزی تەنگی خستە رووی رووداوو کەسانی چیرۆکەکەی‌دا ناوەستێ بەڵکە دەبێت وەک لایەنێکی هەرە سەرەکی و گرنگی بەرهەمەکەی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو رووداوو کارەکتەرانە ئاشکرا بکات کە خوڵقاندوونی ، بێ گومان مەبەستیشم لەم ووتەیە ئەوە نی‌یە کە نووسەر لە پەراوێزی هەر چیرۆکێکی دا بنووسێت «خوێنەری بەرێز ئەوەش بزانە کەمن بەهیچ جۆرێک لەگەڵ پاڵەوانەکەم دا نیم بەڵکە دژی رەفتارو گفتاریم» نەخێر هەرگیز ئەمە ئیشی نووسەر نی‌یە ، بەڵام چیرۆکنووس دەتوانێت لە رێی چەند ووشەو رستەیەکەوە یان لەرێی شێوازی گێرانەوەی سەرانسەری چیرۆکەکەیەوە هەڵوێستی خۆیمان بۆ دەربخات یان هەر هیچ نەبێت تەنیا وەک ئیحا ئیحای ئەوەمان بداتێ کە لایەنگری بیرو بۆچوون و رەفتاری پاڵەوانەکەیەتی یان نا . پێویستی‌ی ئەم هەڵوێست پیشان دانەی نووسەریش بە

تایبەتی لە چیرۆکێکی وەك ئەم چیرۆکەی کاك (حەسەن جاف)دا خۆی دەسـەپێنێ (بـازنەیەکی داخراو) ، کاتێك چیرۆکنووس خوێنەر بەرەورووی پاڵەوانێکی سلبیو کۆمەڵێك راو بۆ چوونی ترسنـاك و تێکـدەر دەکاتەوە ، دەبێت زۆر بە روونی ئەوە لە خوێنـەر بگەیەنێ داخۆ مەبەستی لە خستنە رووی نموونەی مرۆڤێکی وا سلبی لە چوارچێوەی چیرۆکەکەیدا بۆ رسواکردنی ئەو جۆرە کەسانەیە بۆ لایەنگرتن و پیا هەڵ دان و پشت گرتنیانە ! لە راستیدا روونیو ئاشکـرایی هەڵوێستی نووســەر لەم حاڵەتەدا زۆر شت لای خوێنەر دەگۆرێت .. بگرە هەڵوێستێکی وا سەرانسەری چیرۆکەکە دەگۆرێت ، هەر ئەم مەسەلەیەشە خوێنەر تووشی دوو دڵیو رارایی دەکات لە بەردەم ئەم چیرۆکەدا و وای لێدەکـات نەتـوانێت (دەستخۆش) بە نووسەر بڵێت و چیرۆکەکە بە چیرۆکێکی پێزو سەرکەوتوو دابنێت ـ هەر چەند لە رووی تەکنیك و بینای درامیو دارشتنەوە کۆك و پتەوە ـ چونکە نووســەر لە سەرانســەری چیرۆکەکەیدا تەنیا رستەیەك تاقە ووشەیەکی نەنووسیوە دەلالەت لە نارەزاییو دژایەتی کردنی ئەو جۆرە مرۆڤــە سلبیو بێ هوودەییـانــە بکات ، بەڵکە بە ئاســانــی هەست بەوە دەکــرێت کە نووســەر بە درێــژایی چیرۆکەکەی هەوڵی ئەوە دەدات جۆرە بەزەییو (تعاطف)ێك لای خوێنـەر بخـولقێنێ بەرامبەر پاڵەوانە سلبی و (نامۆ) کەی ! بەمەش بەیەکجاری مەبەست و ناوەرۆك و مەغزای چیرۆکەکەی ئاوەژوو کردۆتەوەو سەر لەبن هەڵی گێراوەتەوە .

خەون

لەمــەو بەر سەبــارەت چیرۆکـی «چــەنــد ساتــێـك لە یادداشتــەکانی نامۆیێك» باسی تەوزیف کردنی خەونم کرد لە چیرۆك دا ، هەمان بابەت لەم چیرۆکەش دا خۆدەنوێنێتەوە ، گەر لە چیرۆکی یەکــەم دا خەونــەکــەم تەنیـا بەشێکی بچـووکی چیرۆکــەکــەی گرتبـووەوە ئەوا لەم چیرۆکــەدا سەرانســەری چیرۆکــەکــەی داگــیرکــردووە ، تەنـانــەت باڵی بەســەر ناوی چیرۆکەکەشیدا کێشاوە «خەون» .

ئاشکرایە مرۆڤ کاتێك خەون دەبینێت کە لە سەرەتای خەوتن دا بێت و خەونــەکەی هێشتا قووڵ نەبووبێت ، هۆی فسیۆلۆژیی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە (چالاکیی بیرو هۆشی مرۆڤ هەر بەردەوام دەبێت و بەتەواوی لە کار ناکەوێت لە حاڵەتی خەونی تەنك دا «النوم الخفیف» چونکە ئەو خانانەی مێشك کە تایبەتن بە دروست بوونی خەون هێشتا کرداری کپ بوون «الکف» یان نەگەیشتووەتێ)[٧] ، هەر بۆیەشە لە خەون دا هەر وەك لەکاتی شیکردنەوەی چیرۆکی یەکەمیش دا باسم کرد ـ کۆمەڵێك وێنەی سەیرو نالۆجیك و ناماقووڵ بە تێکەڵ و پێکەڵی دێتە سەر رووپەری مێشك ، هەر ئەم نارێکیو ناماقووڵیەتەی خەونیشە پاڵ بە نووسەرانەوە دەنێت پەنای وەبەر ببەن و لەبەر هەمە جوداکانیان دا تەوزیفی بکەن بۆ وەدەست هێنانی چەند ئامانجێکی فیکریو ئیستاتیکی کە دووبارە باس کردنەوەی بە پێــویـســت نازانــم . بەڵام ئەوەی جێی سەرنجــە .. پاش خوێندنەوەی چیرۆکی «خەون»ی کاك «حەسەن جاف» هەست بە هیــچ جۆرە دژایــەتیو نارێکی نامــاقووڵیو ناواقیعیەتێکی خەونەکەی نووسەریان راستتر پاڵەوانی چیرۆکەکەی ناکەین ، بە پێچــەوانــەی خەونــەکــەی نێــو چیرۆکی «چەند ساتێك لە یادداشتــەکــانی نامــۆیێــك» کە زۆر بەروونی ئەو نارێکیو ناواقیعیەتەی تیا بەدی دەکرێت و نووسەر لەم لایەنەوە لەویان دا زێتــر سەرکــەوتــوو بووە . بە رای من ئەم چیرۆکــەی بەر دەستمان بە خەورایی بە «خەون» ناوزەد کراوە ، چونکە رووداو کەسان و وێنەکانی نێو چیرۆکەکە هەموو واقیعیو ماقووڵن و بە پێی بەدوایەکدا هاتنێکی لۆجیکی ریزکراون .

راو

لەم چیرۆکــەش دا هەمــان تەکنیکی چیرۆکی «سێبــەری داربەروو» بەکار هاتووە .. واتە ئاوێتە کردنی ئێستاو رابردوو لە هاوکێشەیەك دا، بەڵام ئاوێتەکردنە کە لێرەدا جیاوازە.. لەم چیرۆکــەدا هەمــوو رابــردووی دوورو نزیـك لە کۆمەڵێك یادو بیرەوەریو وێنەی هەمەرەنگ دا زیندوو نەبۆتەوە بەڵکە لە رێی تەنیا وێنەیەکەوە رابردوو لەساتەکانی ئێستادا رەنگ دەداتەوە، ئەویش دیمــەنی راوەکــەیــە .. ئەم دیمەنەش پەیوەندییەکی بەهێــز بە ساتەکانی ئێستا وەی هەمان دیمەنەکەی رابردووە

لەگەڵ هەندێك ئاڵوگۆڕدا ، شوێن هەر هەمان شوێنە (جەبەل بۆرو خاڵە بازیانی) ، کاتیش لە چەند ساتێك زێتر ناخایەنێت ، لە دیمەنەکەی رابردوودا پاڵەوانی چیرۆك راوچی‌یەو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی‌دا دوای کەرویشکێك دەکەون . تا لەدوایی‌دا دەیپێکن ، بەڵام لە دیمەنەکەی «ئێستا»دا پاڵەوان خۆی نێچیرەو بەر گوللەی راوچی‌یان دەکەوێت .

لەراستی‌دا لەم چیرۆکەشدا تەکنیکی مۆنتاج کردنی دیمەن و یادەکانی رابردوو لەگەڵ ساتەکانی ئێستای رووداوی رووداوی چیرۆکەکەدا بە رێك و پێکی ئەنجام دراوە . بەڵام ئەوەی جێی سەرنج و مایەی مشت ومرە ئەوەیە کە هەر دوو دیمەنەکە تەنیا لەرووکەش دا لێك دەچن و واتە تەنیا دیوی دەرەوەیان «مەسەلەی پێکرانەکە .. لە دیمەنی یەکەمیان دا پاڵەوان تفەنگی بە دەستەوەیەو هەرەشەی مەرگ لە کەروێشکێك دەکات ، لە کاتێکدا لە دیمەنی دووەم دا ئەم خۆی دەبێتە نێچیر لەبەر رۆشنایی ئاگرەکەی جەبەل بۆردا هەرەشەی مەرگی لێ‌دەکرێ‌و دەپێکرێ»، ئەگەر بەراوردو لێك چوونی دوو لاکەی ئەم هاوکێشەیەی نووسەر بۆمانی خولقاندووە تەنیا لەلایەنی روخسارەوە بێت ئەوا بەرای من لە قووڵی‌و گەورەیی دیمەنی دووەم کەم دەکاتەوەو تەنیا پێ لەسەر خاڵێکی بچووکی هاوبەش لەنێوان هەر دوو دیمەنەکەدا دادەگرێت ئەویش مەسەلەی بێ گوناهی‌یە .. بێ گوناهی‌ی کەوەکەو پاڵەوانی چیرۆکەکە ، هەر لەم روانگەیەشەوە بروام وایە کە نووسەر لە هەڵبژاردنی دیمەنی یەکەم دا - واتە بیرەوەری‌یەکەی رابردوو - سەرکەوتوو نەبووەو نەیتوانیوە مەبەست بپێکێ ، چونکە گەرچی هەر دوو دیمەنەکە لەروخساردا لێك دەچن بەڵام لە گەوهەرو ناوەرۆك دا زۆر لێك دوورن. ئەم نارێکی‌و ناهاوتایی‌یەی نێوان هەردوو دیمەنەکەش کاریگەری سلبی‌ی خۆی لەسەر سەرانسەری چیرۆکەکە بە جێ‌هێشتووەو وای لەخوێنەر کردووە وەك کەوێکی بەسزمانی لە گوللەی راوچی هەڵاتوو سەیری پاڵەوانی چیرۆکەکە بکات و لایەنێکی هەرە سەرەکی لە کەسایەتی‌ی پاڵەوانەکە فەرامۆش بکات ئەویش ئەو هۆیەیە کەوای لێکردووە بەو نیوەشەوە بێتە نێو ئەو دەشت و دەرو گردۆڵکەو بەرزایی‌یە چۆڵ و سامناکانەوەو ژیانی خۆی تووشی مەترسی بکات . هەڵبەت ئەم لایەنە هەر لەبنەرەتەوە فەرامۆش کراوەو وەك پێویست بایەخی پێ نەدراوە لە لایەن نووسەرەوە .

لاوچاك

خەڵکی گوندێك لە دەریای تەمبەڵی‌دا نوقم بوون .. گوندەکەیان بۆتە وێرانەو ژیانیان بۆتە خەوو خواردن و خەون بینین بە رابردوویەکی دوورەوە کە گوندەکەیان تێیدا کانگای پیت و بەرەکەت بووە ، بەڵام بەرەکەت دا لە ناکاو هەر وەك لە ئاسمانەوە دابەزی بێت «لاوە» دێتە نێو گوند ، لاوێکی باڵابەرزی گەنم رەنگی چاوشینی قژزەردە ، خەڵك فێری خاوێنی‌و کارکردن بەرهەم هێنان دەکات .. لەپاداشتی ئەمەش دا لەلایەن چەند گوندیەکی دەروون رەشەوە دەکوژرێت .

ئەمە پوختەی چیرۆکەکەیە . بەر لە هەموو شتێك دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەم بابەتە لە چیرۆکی کوردی‌دا زۆر دووبارە بۆتەوەو تەنانەت دەتوانم بڵێم سواویشە ، زیندووترین و نزیکترین نموونە بۆ تەوزیف کردنی ئەم بابەتە لە چیرۆك دا چیرۆکی «ئەفسانەی رێگای هات و نەهات» ی کاك «رەئوف بێگەرد»[(٧)] ی چیرۆکنووسە ، چیرۆکەکەی «بێگەرد» لە رووی تەکنیك و دارشتن و ناوەرۆکیشەوە زۆر لەم چیرۆکەی «جاف» پتەوترو بەپێزترەو «حەسەن جاف» لەم چیرۆکەی‌دا نەك هەر نەیتوانیوە لە چیرۆکەکەی «بێگەرد»ی تێ‌بپەڕێنێت یان بە تەکنیك و دارشتنێکی جیاوازو کۆکتر بابەتەکەی بخاتە روو بەڵکە لە ئاست چیرۆکەکەی ئەودا دەسەوسان و بستە باڵایە.

نووسەر بابەتی چیرۆکەکەی لەسەر چەند رەمزێك بنیات ناوە ، واتە مەبەستی سەرەکی‌ی چیرۆکنووس ئەو واتایە نی‌یە کە خوێنەر پاش یەکەم خوێندنەوەی چیرۆکەکە لای گەڵاڵە دەبێت بەڵکە ئەوەی نووسەر مەبەستێتی واتای شاراوەی ئەو دیوی ووشەکانە ، بەڵام سەد مخابن نەیتوانیوە لەم کارەی‌دا بە تەواوی مەبەست بپێکێت و خۆی لە گەلێك هەڵەو ناکۆکی ئاڵاندووە .

چیرۆکنووس گوندێکی کردۆتە رەمزی بێ‌هوودەیی‌و سستی‌و دواکەوتوویی ، ئەوەشمان پێ‌رادەگەیەنێت کە سەردەمانێك ئەو گوندە کانگەی خێرو بەرەکەت بووەو «دەشتە